کارڵ مارکس

سەرمایە

Das Kapital

ڕەخنە لە ئابوریی سیاسی

* ناوی کتێب: سەرمایە

* ناوی نوسەر: کارڵ مارکس

* وەرگێڕانی لەئەڵمانیەوە: سەلام عەبدوڵا، کەژاڵ حەمەرەشید، شلێر عەزیز

* هەڵەبڕی : ڕێبوار حەمە تۆفیق

* نەخشەسازیو بەرگ: فەهمی جەلال

* سەرپەرشتیار: عوسمان حەسەن شاکر

* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: (٦٩٢) ساڵی ٢٠٠٦

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاریی (ی.ن.ك) ساڵی ٢٠٠٦

پێشکەش:-

بە برادەری ئازا، بە ئەمەک و رابەری پرۆلیتاریا

(ڤیلهێلم ڤۆلف).

لـە تارنـاو، رۆژی٢١. یـونی.١٨٠٩ لـەدایکبووە و لـە رۆژی ٩/٥/١٨٦٤لـە تاراوگەی مانشیستەر، گیانی لەدەستداوە

روونکردنەوە:

[illegible]

[illegible]

پێرست

ناوەرۆك | لاپەرە

بەشی یەكەم

بەشی دووەم

بەشی یەکەم

کتێبی یەکەم

پـــرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایە

کاڵا و دراو

کاڵا

١- دوو فاکتەری کاڵا:

بەهای بەکارهێنان و بەهای گۆڕینەوە یان بەهای پەتی

(کاکڵەی بەها-پێوانەی بەها)

č-مۆرکی دوولایەنەی کار کە

لەناو کاڵادا خۆی دەنوێنێ

[illegible]

شێوەی بەها یان بەهای گۆڕینەوە

[illegible]

[illegible]

Money and its vicissitudes. London, [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

ا- شێوەی ساکار، تاک یان بەرێکەوتی بەها

[illegible]

- دوو پۆلی دەربڕینی بەها: شێوە ڕێژەییەکەی و شێوە هاوهێزەکەی

[illegible]

[illegible]

[illegible]

Č– شێوەی ڕێژەیی بەها

ا– ناوەڕۆکی شێوەی ڕێژەیی بەها:

(Wertsein) (valere, valer, valoir)

ب- دیاریکردنی چەندایەتی فۆرمی ڕێژەیی بەها

D – شێوەی هاوکێش

[illegible]

[illegible]

تایبەتمەندی دووهەمی شێوەی هاوکێش:

[illegible]

[illegible]

تایبەتمەندی سێهەمی شێوەی هاوکێش:

[illegible]

٤-كۆى فۆرمى بەهاى سادە

ب- شێوەی بەهای گشتی یان گەشە کردوو

[illegible]

١-شێوەی گەشە کردووی بەهای ڕێژەیی:

[illegible]

[illegible]

č-شێوەی هاوکێشی تایبەت

[illegible]

Ď-کەموکوڕییەکانی شێوەی بەهای گشتی یان گەشەکردوو:

[illegible]

ت- شێوەی گشتی بەها

Č- مۆرکە گۆڕاوەکانی شێوەی بەها

٢- پەیوەندی گەشەکردن لە نێوان شێوەی بەهای ڕێژەیی و شێوەی هاوکێشدا

Ď– گواستنەوە لە شێوەی گشتی بەهاوە بۆ شێوەی دراو:

د) فۆرمی دراو

. B [illegible] y = A [illegible] x [illegible]

٤ — خوو و رەوشتی کاڵاپەرستن و نهێنییەکانی:

بەشی دووەم

پرۆسەی ئاڵوگۆڕینەوە

بەشی دووەم

گۆڕانی دراو بۆ سەرمایە

خولی چوارەم

گۆڕانی دراو بۆ سەرمایە

١- شێوەی گشتی سەرمایە

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

*Mercier de la Riviere

فەرهەنگۆك

ئامادەكردنی/ پرۆفیسۆر
د. محمد رؤوف سعيد

١- Capital سەرمایە

پارە یان كالاّ، كە بنچینەی كارو بازرگانی بێ، پارەیەك كە لەبنەچەدا لەبری بەهای شتێك بدرێ كە هەر كاتێ لەو بەهایە زیاتر فرۆشرا، بڕێك پارەی زیادە وەكو قازانج دەردەكەوێ. بەمانای دارایی و موڵك‌ومالّ ئەوەی كەسێك لە پارەی نەخت و كالاّ هەیەتی، بنچینە و مایەی شتێكە. كە كورد پێی دەڵێ: سامان، مالّ‌وموڵك.

٢- Fund/ مایە :(ئەو پارەیەیە، یان ئەو شت‌ومەكەیە،كە لەبنەڕەتدا كاسبی و بازرگانی پێ دەكرێ، ئەو پارەیەی كە دەخرێتە گەڕ بۆ كڕین و فرۆشتن و كاری بازرگانی، پێش ئەوەی قازانجی بچێتە سەر. كورد دەڵێ‌قازانج سەری مایەی خوارد واتا لەجیاتی پارەی مایەكە قازانج بكات، مایەكەش تیا چووە.

٣ -Value-composition التركيب القيمي (پێكهاتەی بەها)

بە پێی بۆچونی قوتابخانەی سۆشیالیستی زانستی((ماركسیزم))پێكهاتەی بەها بریتییە لەبڕی كاری بەرجەستە بوو لەهەر كالاّیەكدا.

٤ -Composition of Capital مكون رأس مال (پێكهاتەی سەرمایە)

پێكهاتەی سەرمایە، پێكدێت لەهەردوو جۆری سەرمایەی نەگۆڕ، وەك خانوبەرەو ڕێگاوبان و كارخانە و ئامێرو كەل و پەل و... هتد، بەلاّم سەرمایەی گۆڕاو بریتییە لەژمارەی كرێكارانی كەرەستە سەرەتاییەكان، وزە و ... هتد. ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە كە سەرمایەی نەگۆڕ ناگۆڕێ بە گۆڕانی بڕو

قەوارەی بەرهەمهێنان، بەلاّم سەرمایەی گۆڕاو دەگۆڕێ لەگەلّ گۆڕانی بڕی بەرهەمهێناندا.

٥- Relay System نۆبەكاری

٦ -Demanod الطلب (خواست)

بریتیە لەئارەزووی بەدەستهێنانی كالاّیەك، یاخود خزمەتگوزارییەك، بە مەرجێ تاكی خوازیار بۆ ئەو كالاّیە، یان بۆ ئەو خزمەتگوزارییە توانای كڕینی هەبێت و بە عەمەلی جێبەجێی بكات.

٧- Division of Labour توزيع العمل (دابەشكردنی كار)

بریتییە لەدابەشكردنی كارمەندان یاخود كرێكاران لەڕێكخراوو دەزگاو دامەزراوە بەرهەمهێنەرەكاندا بەسەر وێستگەكانی كاردا، هەریەكە و بە پێی پسپۆری و لێهاتویی خۆی بە مەبەستی كارا كردنیان و بەرزكردنەوەی ئاستی بەرهەمكارانی((الانتاجية))ئەو كارمەندو كرێكارانە.

٨-Centralisation التمركز (ناوەندێتی)

هەندێ جار لەهەندێ شوێن و جێگادا چالاكییە ئابورییەكان لەڕوی جێگیركردنی سەرمایە بە هەموو جۆرەكانیەوە زیاتر چڕ دەبێتەوەو وا دەكات زۆرێك لەو یەكە و چالاكییە ئابورییانە لەو شوێنە بەدەر لەشوێنەكانی تر كۆببنەوە.

٩- Production الانتاج (بەرهەمهێنان)

پرۆسەیەكە كە لەڕێگەیەوە فاكتەرەكانی بەرهەمهێنان بەكار دەهێنرێن و ئاراستە دەكرێن بۆ خولقاندنی كەلّك یاخود زیادكردنی لەڕێگای بەرهەمهێنانی كالاّو خزمەتگوزارییە ئابورییەكانەوە.

١٠- Wealth الثروة (سامان)

بریتیە لەهەموو ئەو شتە مادییە بەرجەستە بوانەی كە لەولاّتدا هەیە و تواناكانی بەرهەمهێنان لێیەوە سەرچاوە دەگرێت.

١١- Rotation الدوران (سوڕانەوە)

بە پێی ئـەوەی پرۆسـەی بەرهـەمهێنان و بـەدیهاتنی دەرامـەت، پرۆسـەیەکی بەردەوامە و بەدیهێنەری یەکترن و لەبازنەیەکی دیاریکراودا دەسوڕێنەوە، هەموو فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان و دەرامەت دەبنە تەواو کەری یەکتری لەو بازنەیەدا.

١٢- Income الدخل (دەرامەت)

بریتییە لە پاداشتی هەر فاکتەرێکی بەرهەمهێنان لە پرۆسـەی بەرهەمهێنانـدا کۆی هەموو دەرامەتی یەکەکانی ئـەو فاکتەرانـە دەبنـە دەرامـەتی نەتـەوەیی لەوڵاتدا.

١٣- Stagnation الكسر (داڕمان)

١٤- Competitionالمنافسة (کێبڕکێ)

یەکێکە لەو بازاڕانەی کە لەسیستمی سەرمایەداریدا هەیە، کە ئەوپەڕی ئازادی دەڕەخسێنێ بۆ کارو چالاکییە ئابورییەکان بەبێ دەست تێوەردانی حکومەت لـەو کارو چالاکیانەدا.

١٥- Prosperity الانتعاش (بوژاندنەوە)

یەکێکە لەوێستگەکانی سایکلە ئابورییـەکان، کـە تیایـدا بـارودۆخی ئـابوری بەرەو بوژانەوە دەڕوات و فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان بەرەوبـەکارهێنانی تـەواو ئاڕاستە دەکرێن.

١٦- Over-time الوقت الأضافي (کاتی زیادەکاری)

١٧- Labour-time وقت العمل (کاتی کار)

ئـەو کاتەیـە کـە دیـاری دەکرێـت بـۆ کـارکردنی کرێکـاران لـەبوارەکانی کارکردنیاندا و هەردوو لایەنی سەرمایەدارو کرێکاران لەسـەری ڕێکـەوتون بـە ئاگاداری و ڕەزامەندی لایەنە بەرپرسەکانی حکومەت لەهەر وڵاتێکدا لەسـایەی یاساکانی کاردا.

١٨- Additional Capital الرأسمال الأضافي (سەرمایەی سەرخراو)

ئەو بڕە زیادکردنانەیە کـە دەخرێتـە سـەر قـەوارەی سـەرمایە بـە مەبەسـتی زیادکردنی وزەو توانا ئابورییەکان.

١٩- Merchant Capitalالرأسمال التجاري (سەرمایەی بازرگانی)

ئـەو سـەرمایەیە کـە دەخرێتـە بـواری بازرگانیـەوە بـۆ ڕا پەڕانـدنی ئەرکـە بازرگانییەکان.

٢٠- Constant Capital الرأسمال الثابت (سەرمایەی نەگۆڕ)

بریتییە لەو بەشەی سەرمایە کە لەگەڵ زیـادکردن یـاخود کـەمکردنی ئاسـتی بەرهەمهێناندا نـاگۆڕێ، سـەرمایەی نـەگۆڕ پێـك دێـت لـە پێناو خانوبـەرەو کەل و پەلو کەرەستە و هەموو ئەو شتانەی تر کە ناگۆڕێن لەماوەیەکی نزیکدا و بۆ زیادکردنی پێویست بە کاتێکی درێژخایەن دەکات.

٢١- Circulating Capital الرأسمال المدور (سەرمایەی گەڕۆك)

٢٢- Finance Capital الرأسمال المالی (سەرمایەی دارایی)

بریتیە لەهەموو ئەو توانا داراییانـەی کـە لـەبواری چـالاکییەکانی ئابوریـدا دەخرێتە گەڕ.

٢٣- Prpfit variable Capitalربح الرأسمال المتغير (قازا نجی سەرمایەی گۆڕاو)

بریتیە لەو قازا نجەی کە دەستەبەر دەبێت لەئە نجامی بەکارهێنانی سەرمایەی گۆڕاو دوای پوختەکردنی هەردوو لایەنی داهاتەکان و خەرجییەکان.

٢٤- Net Profit Capital صـافي الـربح الرأسمـالي (پوختـەی قـازا نجی سەرمایە)

دوای پێـدانی هـەموو خەرجییـەکانی فاکتـەرو کەرەسـتەکان کـە لـەبواری بەرهەمهێنانـــدا بـــەکار دەهێنرێـــت و دوای پاکتـــاو کردنـــەوەی هـــەموو

پابەندبوونەکانی دامەزراوە بەرامبەر حکومەت بۆ نمونە باج و غەرامەو رەسم... هتد ئەوەی دەمێنێتەوە لەداهاتی هەر دامەزراوێك یاخود رێکخراوێکدا بریتییە لە پوختەی قازانجی سەرمایە.

٢٥- Mode of Production اسلوب الانتاج (شێوازی بەرهەمهێنان)

شێوازی بەرهەمهێنان دەگۆڕێ بە پێی ئەو سیستەمەی کە باڵادەستەو گۆڕاوە ئابورییەکان دەیسەپێنێ بەسەر شێوازی بەرهەمهێناندا، بۆ نموونە لەسەردەمی کۆیلایەتی و لەسەردەمی دەرەبەگایەتی شێوازەکانی بەرهەمهێنان جیاوازبوون لەسەردەمی سەرمایەداری شێوازی بەرهەمهێنان لەسەردەمی سەرمایەداریدا جیاوازە لەسەردەمی سۆشیالیستیدا، چونکە شێوازی خاوەندارێتی فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان جیاوازە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر.

٢٦- Value القیمة (بەها)

بریتییە لەبڕی ئەو کارەی کە بەرجەستە بووە لەکاڵایەکدا.

٢٧- Process of producing value عملیة خلق القیمة (پرۆسەی خوڵقاندنی بەها)

بریتییە لەبەکارهێنانی کرێکارەکان لەبواری کارو چالاکییە ئابورییەکان و لەبواری بەرهەمهێنانی کاڵای مادیدا.

٢٨- Process of producing surplus-value عملیة خلق فائض القیمة (پرۆسەی خولقاندنی زێدە بەها)

بریتییە لەبەکارهێنانی کرێکار لەسەردەمی سەرمایەداریدا لەلایەن سەرمایەدارانەوە، کەوا بکات سەرمایەداری هەموو ئەو بەها راستەقینانەی کە کرێکار دەیخولقێنێ پێی نەداتەوە لەرێگای کرێیەك کە لەئاست ئەو بەهایانە بێت کە دەیخولقێنێ، بگرە لەرێگەی کرێیەکی کەمەوە یان موچەیەکی کەمەوە

کە لەئاست بەها راستەقینەکانی کارەکانیاندا نییە، بەشێك لەو بەهایانە بەلای خۆیدا راپێچ دەکات و بۆخۆی دەبات و بەم پێیە زێدە بەهایەك دەخولقێ.

٢٩- Exchange-value القیمة المتبادلة (بەهای ئاڵوگۆڕ)

بریتیە لەو بەهایەی کە لەرێگایەوە کاڵایەك دەگۆڕدرێتەوە بە کاڵایەکی تر.

٣٠- Use-value القیمة الأستعمالیة (بەهای بەکارهێنان)

بریتییە لەو کەڵکانەی کە کاڵایەك هەیەتی بۆ بەکاربەرێك لەکاتی بەکارهێنانیدا.

٣١- Surplus-value فائض القیمة (زێدە بەها)

بریتییە لەبڕی ئەو بەهایەی کە سەرمایەداران دەستی بەسەردا دەگرن لەئەنجامی بەکارهێنانی هێزی کاری کرێکاراندا، کە ناگەرێتەوە بۆیان دوای پاداشت کردنیان، بە تەنها بەشێك لەبەهای کارەکانیان کاتێك کە ئەوکرێ دەستەی وەری دەگرن کەمتر بێت لەبەهای کارەکانیان وەك دەرئەنجامێکی ئاسایی شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان سەرمایەدارو کرێکاران لەسیستمی سەرمایەداریدا کە بریتییە لەچەوساندنەوەو روتاندنەوەی کرێکاران.

٣٢- Extra surplus-value فائض القیمة الأضافي (زێدە بەهای سەرخراو)

بریتییە لەو بەهایانەی کە سەرمایەدار دەستی بەسەردا دەگرێت بۆ سودو قازانجی تایبەتی خۆی.

٣٣- Absolute surplus-value فائض القیمة المطلق (زێدە بەهای رەها)

بریتیە لەو زێدە بەهایەی کە سەرمایەدار دەست خۆی دەخات لەرێگەی درێژکردنەوەی کاتەکانی کاری کرێکار.

٣٤- Relative surplus-value فائض قیمة النسبی (زێدە بەهای رێژەیی)

بریتییە لەو زێدە بەهایەی کە سەرمایەدار دەست خۆی دەخات لەڕێگەی گۆڕینی بارودۆخی بەرهەمهێنانەوە.

٣٥- Surplus-labour فائض العمل (زێدە کاری)

بریتییە لەو کاتژمێرە زیادانەی کاری کرێکار کە سەرمایەدار(دەستی بەسەردا دەگرێت و ناگەڕێتەوە بۆ خودی کرێکار لەڕێگەی ئەو کرێ دەستەی کە وەری دەگرێت.

٣٦- Surplus-produce فائض الانتاج (زێدە بەرهەم)

بریتییە لەو بەرهەمە زیادەیەی کە کرێکاران بەرهەمی دەهێنن و زیاترە لە پێداویستییە شەخسییەکانی خۆیان دا.

٣٧- Over-work العمل الأضافي (زێدە کاری)

٣٨- Crisis الازمة (قەیران)

بریتییە لەهەر کێشەیەکی ئابوری کە لەکاتی بەرێوەچونی چالاکییە ئابوریەکاندا سەرهەڵدەدات.

٣٩- Price السعر (نرخ)

بریتییە لەو پەیوەندییەی کە پەیدا دەبێت لەنێوان بڕێکی دیاریکراو لەکاڵاکان و بڕێکی دیاریکراو لەدراوەکان لەکاتی پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنەوەدا.

٤٠- Price of labour سعر العمل (الأجر) (نرخی کار)

بریتییە لەو کرێ دەستیەی کە دەدرێتە کرێکاران کە بەرامبەرە بە نرخی هێزی کارەکەی نەك ئەوەی کە بەرامبەر بە نرخی کارەکەی بێت، واتە تەنها پاداشتێکە بۆ سەر لەنوێ بوژاندنەوەو زیندوکردنەوەی تواناو هێزەکانی بۆ دوبارەکردنەوەی تواناو وزەکانی بەوەی کە بتوانێ بەو کرێ دەستییەی کە پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەی خۆی و خێزانەکەی پێ بکڕێت.

٤١- Interest الفائدة (سود)

بریتییە لەو پاداشتەی کە لەبری بەکارهێنانی سەرمایەی نەختی دەدرێتە خاوەنەکەی کە دەگۆڕێت لەکاتێکەوە بۆ کاتێك و لەفەرزێکەوە بۆ فەرزێك و بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر بارودۆخی بازاڕی سەرمایە و بارودۆخی ئابوریدا دێت.

٤٢- Capital-money الرأسمال النقدي (سەرمایەی نەختی)

بریتییە لەو سەرمایانەی کە لەجۆری دراوو هاوچەشنەکانی دراو، سەرمایەدار موڵکایەتیان دەکات و لەبواری کاروچالاکییە ئابورییەکانی خۆی بەکاریان دەهێنێ.

٤٣- Universal-money النقد العالمي (دراوی جیهانی)

بریتییە لەو جۆرە دراوانەی کە لەمامەڵە بازرگانییە نێو دەوڵەتییەکاندا بەکار دەهێنرێن و رەواجیان دەبێت.

٤٤- Money-commodity النقود السلعية (پارەی کاڵا و شتو مەك)

٤٥- Reproduction إعادة الانتاج (بەرهەمهێنانەوە(گێڕانەوەی بەرهەمهێنان)

بریتییە لەدیاردەی سەرلەنوێ دوبارەکردنەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنان لەرێگەی ئەو خەرجییانەوە کە دەکرێت لەبواری کڕینی ئامێرو کەلوپەلو کەرەستەو بەگەڕخستنەوەی هێزی کار.

٤٦- Simple-reproduction إعادة الانتاج البسيط بەرهەمهێنانەوەی سادە(سادە ئاسا گێڕانەوەی بەرهەمهێنان)

بریتییە لەو زێدە بەهایانەی کە سەرمایەدار تەرخانی دەکات لە پرۆسەی بەرهەمهێنانیدا بۆ هێشتنەوەی سەرمایە بنەڕەتییەکەی خۆی بەهەمان بڕی پێشو لەسەرەتای دەست بەکارکردنی بە چالاکی بەرهەمهێنان.

٤٧-Extended -Reproduction (إعـــــادة الانتــــــاج الموســــع)
بەرهەمهێنانەوەی بەرفراوان (بەرفراوان گێڕانەوەی بەرهەمهێنان)

بریتییە لەئاراستەکردنی بەشێکی زۆر لەزێدە بەها ڕووەو زیادکردنی بڕی سەرمایەی بنەڕەتی سەرمایەدار بە مەبەستی زیادکردنی وزەو تواناکانی بەرهەمهێنانی زیاتر لەجاران.

٤٨- Selling price سعر البيع (نرخی فرۆشتن)

بریتییە لەو نرخەی کە هەردوو لایەنی کڕیارو فرۆشیار لەسەری ڕێك دەکەون.

٤٩- Simple labour العمل البسيط(کاری سادە)

بریتییە لەو جۆرە کارانەی کە کرێکاری سادە ئەنجامی دەدات بەبێ ئەوەی ئەو کرێکارە هیچ پسپۆرییەکی تایبەتی هەبێت یان لێهاتوییەکی هەبێت یان شارەزاییەکی هەبێت لەبوارێکی دیاریکراودا.

٥٠- Necessary labour العمل الضروري (کاری پێویست)

٥١- Labour-fund الرصيد التقديري للعمل(مایەی کار)

بریتییە لەو پارە تەرخانکراوانەی کە دادەنرێت بۆ پاداشت کردنەوەی کرێکاران بە پێدانی هەقدەست پێیان.

٥٢- Abstract labour العمل المجرد(کاری ڕووت)

٥٣- Skilled labour العمل الماهر(کاری چاپوك)

بریتییە لەو جۆرە کارانەی کە پێویستی بە شارەزایی و پسپۆریی و لێهاتویی هەیە لەلایەن ئەو کرێکارانەی کە ئەم جۆرە کارانە ئەنجام دەدەن.

٥٤- Gross product الأنتاج الاجمالي(کۆبەرهەم)

بریتییە لەکۆی هەموو ئەو کالآیانەی کە لەکاتێکی دیاریکراودا بەرهەم دەهێنرێت و بە نرخە زانراوەکانی بازاڕ ئەژماری بۆ دەکرێت.

٥٥- Semi-finished product الناتج شبة المكتمل بەرهەمی نیمچە تەواو (بەرهەمی شێوە تەواو بوو)

بریتییە لەو کالآیانەی کە لەکۆتایی ساڵدا دەبێت ئەژمار بکرێت، داخلی بڕی بەرهەمهێنان دەکرێت، ئەگەرچی بە هەموو قۆناغەکانی بەرهەمهێناندا تێنەپەڕیوەو نەبونەتە کالآیەکی تەواوبو.

٥٦- Object of labour-wage الغرض في العمل ـ الأجر (ئامانجی کارـ کرێ)

لەڕوانگەی کرێکارەوە، ئامانجی کار بریتییە لەو کرێ دەستەی کە وەری دەگرێت بۆ بژێوی ژیانی خۆی.

٥٧- Nominal wage الأجر الاسمى (کرێی ئیسمی)

بریتییە لەو کرێیەی کە کرێکار وەری دەگرێت لەشێوەی ئەو یەکە نەختیانەی کە پێیی دەدرێت بەدەر لەئاستی گشتی نرخەکان کە لەوانەیە وابکات کرێ ڕاستەقینەکان هەڵبەزو دابەز بکات و بڕی ئەو کالآ و خزمەتگوزارییانەی کرێکار دەستی دەکەوێت زیاد بکات یان کەم بکات.

٥٨- Hour wage أجر الساعة (کرێی کاتژمێری (وەختی)

بریتییە لەو کرێیەی کە دەدرێتە کرێکارێك لەبەرامبەر هەر سەعاتێکی کارکردنیدا.

٥٩- Real wage الأجر الحقيقي (کرێی ڕاستەقینە)

لەبڕی ئەو کالآ خزمەتگوزاریانەی کە کرێکار دەتوانێت دەستی کەوێت بەو بڕە یەکە نەختییانەی کە پێی دەدرێت لەبەرامبەر کارکردنیدا، دیارە ئەگەر کرێ ئیسمییەکەی کرێکار نەگۆڕێت بەرزبونەوەی ئاستی گشتی نرخەکان دەبێتە هۆکاری هاتنە خوارەوەی کرێ ڕاستەقینەکەی، هەروەها هاوپێچەوانەکەشی ڕاستە.

٦٠- Standard of price السعر القياسى (نرخی ستاندەر)

بریتییە لەو نرخەی کە دەبێتە پێوانەی نرخەکانی تر.

٦١- Magnitude of value قياس القيمة (ئەندازەی بەها)

بریتییە لەو یەکە پێوانەییانەی کە بەهای پێ پێوانە دەکرێت بۆ نمونە کاتژمێرەکانی کار.

٦٢- Economic category التصنيف الاقتصادى (پۆلێنی ئابوری)

بریتییە لە پۆلین کردنی کالاو خزمەتگوزاری و چالاکییە ئابورییەکان و هەموو گۆڕاوە ئابورییەکان بە پێی بۆچونی زانستی ئابوری.

٦٣- Relation of production علاقات الانتاج (پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان)

بریتییە لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لەکاتی پرۆسەی بەرهەمهێناندا پەیدا دەبێت بۆ نمونە پەیوەندییەکانی نێوان سەرمایەداران و کرێکاران لەسیستمی سەرمایەداریدا.

٦٤- Rate of surplus-value معدل فائض القيمة (تێکڕای بەهای سەرخراو)

بریتییە لەتێکڕای ئەو سەعاتە کارانەی کە سەرمایەدار دەستی بەسەردا دەگرێت و بۆ خۆی دەبات و دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ئەژمار بکرێت:

ڕێژەی بەهای سەرخراو = (سەعاتە خۆڕاییەکانی کار / سەعاتە پێویستییەکانی کار) ×١٠٠

٦٥- Rate of Profit معدل القيمة (تێکڕای قازانج)

بریتییە لەتێکڕای ئەو بڕە داهاتانەی کە دەمێنێتەوە بۆ سەرمایەدار، دوای دەرکردنی هەموو ئەو خەرجییانەی کە پێی هەڵدەستێت بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی کارو چالاکییەکانی.

٦٦- Productive power القوى المنتجة (هێزی بەرهەمهێنان)

بریتییە لەهەموو ئەو ئامرازانەی کە بەکار دەهێنرێت لەبواری بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا کە بریتین لەئامێرو کەرەستەو خانوبەرەو کارگەو هەموو ئەو کەسانەی کە ئەم ئامرازانەی بەرهەمهێنان بەکاردەهێنن لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، وەك کرێکارو جوتیارو ئەندازیارو.... هتد.

٦٧- Cost of production تكلفة الانتاج (تێچوونی بەرهەمهێنان)

بریتییە لەو خەرجییانەی کە دەکرێتە سەر هەموو پێداویستییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان.

لەبەر چەند هۆیەک نەمانتوانی لەکاتی خۆیدا بەشی سێیەم وەربگێڕین.

وەرگێڕەکان